# سەرکۆمارنامە

6

**حەمەسەعید حەسەن**

بۆ ئەوەی داهێنەر بیت، پێویستە ئازاد بیت، بۆ ئەوەی ئازادیش بیت، پێویستە خۆت سەروەری خودی خۆت بیت. ئەوی کۆیلەی ئەم حیزب یان ئەو دەسەڵات، فلان فیکر یان فیسار ئایین بێت، نە ئازادە و نە داهێنەر. کە دەنووسم، قەت مەبەستم ئەوە نییە ئەم و ئەو بریندار بکەم، ئەگەر کەسێک بە نووسینی من بریندار بێت، ئەوە هەڵەی من نییە، هی ئەوەیە کە گوتنی ڕاستی هەمیشە بریندارکەرە. سەرکۆمار کە وەک شتێکی شاراوە نییە، هەموو سەرکردایەتیی (ینک)ی کردووەتە کونەوە، کەچی لە ئاستی ئەفسەرێکی هەواڵدزی بچووکی وڵاتانی دراوسێدا، کەسێکی هێندە کەساسە، کافری پێ موسڵمان دەبێت. ئەگەر بەم قسەیە بریندار دەبیت، یەخەی من مەگرە، دەست بدە یەخەی ڕاستی. ئەگەر یەخەت گرتم، بە هیوای ئەوە مەبە وەڵامت بدەمەوە، ئاخر من وەڵام نادەمەوە، پرسیار دەورووژێنم.

ئەو گوتەیەی (موسڵمانان کەسانی دڵۆڤانن و بەزەییان لێ دەتکێت،) بە چەوت دەزانم، ئاخر موسڵمانی ڕاستەقینە زەرقاوییە، کە تنۆکێک بەزەیی لە دڵیدا نییە، نەک ئەوانەی بڕوایان بە تاک و تەنیایی خودا هەیە، محەممەد بە پەیامبەری خودا دەزانن، نوێژ دەکەن، ڕۆژوو دەگرن، زەکات دەدەن، ئەگەر پێیان کرا سەرێک لە مەککە دەدەن، لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و هیچ زیانێکیان بۆ کەس نییە.

بۆیە زەرقاوی موسڵمانی ڕاستەقینەیە، چونکە دوای هەنگاوی ڕێبەرانی مەزنی ئیسلام کەوتووە و ئەوان چییان فەرمووبێت، ئەم بەوپەڕی دەستپاکییەوە جێبەجێی دەکات و بە موو لە هێڵی گوتەکانی ئەوان لای نەداوە. حەنبەلی دەبێژێت: (مافی ڕەوای خۆتانە، لە سەروەختی شەڕ لەگەڵ کافراندا، موسڵمانانیشیان پێوە بکوژن.) غەزالی دەفەرموێت: (ئەگەر کافران، موسڵمانیان بە بارمتە گل دایەوە و ویستیان وەک قەڵغان سوودیان لێ ببینن، قازانجی ئوممەتی ئیسلام وا دەخوازێت، هاوزەمان کافران و موسڵمانانیش بکوژن.)

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئەندامانی حیزبە عەلمانییەکان چونکە کافرن، پێویستە بکوژرێن، ئاخر ئەوانە باسی دیموکراتی دەکەن، (دیموکراتی)ش چونکە بە خوداوەندکردنی ئینسانە، کەواتە هاوبەش بۆ خودا پەیداکردنە کە گەورەترین کوفرە و سزای کافرانیش کوشتنە. لە دیتنی زەرقاوییەوە، بارەگای پارتی و مەڵبەندی یەکیەتی، دوو لانەی پڕ لە شەیتان بوون، بۆیە لە یەکی شوباتی ٢٠٠٤دا، لە هەولێر، ئەو زەبرەی لێ وەشاندن.* بە پێی لێکدانەوەی ئیسلامی ڕاستەقینە، لایەنگرانی کافران لە کافران، تاوانبارترن، ئەوە بۆیە زەرقاوی لە چواری ئاياری ٢٠٠٥دا، دەستەیەک لە لاوانی هەولێری نوقمی خوێناو کرد، چونکە ئەو لاوانە دۆستی ئەمریکای کافر بوون.

که کافران ولاتێکی ئیسلامی داگیر دەکەن، وەک چۆن ئێستا ئەمریکا عێراقی داگیر کردووە، تەنیا کوشتنی کافران، چونکە بە نێو موسڵمانانندا بلاو بوونەتەوە، کارێکی مەیلە و مەحاڵە، بۆیە کوشتنی موسڵمانان بە کافرانەوە، چونکە لە ناچارییەوەیە، کارێکی نادروست نییە، ئەوە بۆیە زەرقاوی بێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ خوێنی خەڵکی موسڵمانی عێراق دابنێت، لە هەر کوێیەکدا بخوازێت، مین و بۆمبی خۆی دەتەقێنێتەوە. خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (فیتنە لە کوشتن ترسناکترە.) بۆیە زەرقاوی لە دڵسۆزییەوە بۆ ولاتی نێوان دوو زێ، خەڵکی عێراق دەکوژێت، ئاخر ئەگەر نەیانکوژێت، ئەمریکا فیتنەیان کە لە کوشتن ترسناکترە، لە نێودا بلاو دەکاتەوە. هەر لە بەر تیشکی ئەم تێزانەدا کە لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرن، ئیسلامییەکانی جەزائیر بە کەیفی خۆیان، خەڵکی جەزائیریان بە کۆمەڵ دەکوشت.

مەحاڵە ڕابردوومان فەرامۆش بکەین و سەرلەنوێ ژیان دەست پێ بکەینەوە. ئینسان وێڕای گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکان، بەردەوام درێژە بە ژیانی ڕابردووی دەدات، ئاخر ناتوانێت یادەوەری و دیرۆکی خۆی بسڕێتەوە و لە سفرەوە تێ هەڵبچێتەوە. پێی ناکرێت پەڕەیەکی تازە کە هیچ پێوەندیی بە ڕووپەلەکانی پێشووی دەفتەری ژیانییەوە نەبێت، بکاتەوە. قارەمانی ڕۆمانی (بێ چارەنووس)ی ئیمرە کیرتیز دەڵێت: (مەگەر سەرلەنوێ لە دایک بیمەوە، ئەگەر نا ناتوانم سەرلەنوێ ژیان دەست پێ بکەمەوە.) سەرکۆمارێک بە درێژایی ژیانی، سوودی بە کورد نەگەیاندبێت، ئەوانە بە هەڵەیەکی کوشندەدا دەچن کە چاوەڕێی ئەوەیان لێی هەبێت، هەنگاوێک لە قازانجی کورد بهاوێت. ئایینێک کە بە شمشێر خۆی سەپاندبێت، ئاساییە کە هێندە سووک سەرنجی ڕووباری خوێن بدات.

هیچ کام لە بوخاری، جەرجانی، فارابی، قەزوینی، تەبەری، غەزالی، ئەسفەهانی، خوارزمی، ڕازی و جەلالەدینی ڕوومی، عەرەب نەبوون و گەورەترین خزمەتیان بە کولتووری عەرەب کردووە، دەشێت سەرکۆماریش وەک ئەوانە، خزمەتی عەرەب بکات، بەلام ئەویش هەر وەک ئەوانە، هیچ خزمەتێک بە نەتەوەکەی خۆی ناکات. ئەوە حیزبی سەرکۆمار بۆچی بیر لە خۆ نوێکردنەوە دەکاتەوە؟ چونکە هەست دەکات (دوژمن)ێکی هەیە و لەوە دەترسێت لە بەردەم ئەو دوژمنەدا تووشی تێکشکان بێت، بۆیە پلنگ ئاسا، هەم لانەی خۆی دەپارێزێت و هەم بەردەوام خەریکی داڕشتنی پلانە بۆ دەست بەسەر لانەی ئەوی دیکەدا گرتن و بۆ گەییشتن بەو مەبەستەش، هەموو ڕێگەیەک، بە چاوپۆشین لەوەی پاکن یان نا، تاقی دەکاتەوە.*

2005. 05. 24

* گومانم لەوە هەیە پارتی و یەکیەتی دوو حیزبی عەلمانی بن.

** بۆ نووسینی ئەم ئەڵقەیە، سوودم لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ڕۆژی ٢٠/٥/٢٠٠٥ وەرگرتووە.